قورستڕین نوێژ لەسەر دووڕووەکان نوێژی عیشا ونوێژی بەیانیە، جا ئەگەر بیانزانیایە ئەو دوو نوێژە چەندێک خێر وفەزڵی گەورەیان تێدایە ؛ هەر بە گاگۆڵکێ بۆی دەهاتن

لە ئەبی هوڕەیڕەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «قورستڕین نوێژ لەسەر دووڕووەکان نوێژی عیشا ونوێژی بەیانیە، جا ئەگەر بیانزانیایە ئەو دوو نوێژە چەندێک خێر وفەزڵی گەورەیان تێدایە ؛ هەر بە گاگۆڵکێ بۆی دەهاتن، وام نیاز کرد کە فەرمان بکەم بە نوێژکردن وقامەت بکرێت، پاشان فەرمان بکەم بەکەسێک نوێژ بۆ خەڵکی بکات، دواتر خۆم لەگەڵ چەند پیاوێکدا چەند کۆڵە دارێکی سوتەمەنی ببەین ؛ بۆ سەر ئەو پیاوانەی کە ئامادەی نوێژی کۆمەڵ (جەماعەت) نابن، ومااڵەکانیان بەسەریاندا بسوتێنم».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی حاڵی مونافیقەکانمان بۆ دەکات لە تەمەڵەییان لەئامادەبوونی نوێژەکان، بەتایبەتی نوێژی بەیانی وعیشا، وئەوان ئەگەر بیانزانیایە چی پاداشتێکی گەورە هەیە لەسەر ئامادەبوونی نوێژی بەکۆمەڵ لەگەڵ مسوڵمانانداو ؛ ئەوا بۆی دەهاتن ئەگەر بە گاگۆڵکێش بووایە لەسەر دەست وئەژنۆکان وەکو منداڵ. وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وا نیازی کرد کە فەرمان بکات بەقامەت کردن بۆ نوێژ، وفەرمان بە کەسێك بکات بۆ پێشنوێژکردن بۆ خەڵکی، دواتر ئەو بڕوات لەگەڵ چەند پیاوێکدا بە چەند کۆڵەدارێکی سوتەمەنی ؛ بۆ سەر ئەو پیاوانەی کە ئامادەی نوێژی کۆمەڵ (جەماعەت) نابن، ومااڵەکانیان بەسەریاندا بسوتێنێت ؛ ئەمیش بەهۆی گەورەیی ئەو تاوانەی کردوویانە، -بەڵام ئەمەی نەکرد- چونکە مااڵەکان منداڵ وئافرەت وکەسر تری تێدایە لەوانەی بیانووبان هەیە ؛ وهیچ تاوانێکیان نەکردووە.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3366